پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

**Parti socialdemokrati Kurdistan (PSDK)**

# گازبارانکردنی سەردەشت

بەکارهێنانی گازی کوشندە هونەرێکی کوشتنە کە مرۆڤ لە دێر زەمانەوە بەکاری هێناوە. چڕترین شێوەی ئەو بەکارهێنانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٥ کاتێك کە فریتز هابەر Fritz Haber گازی کوشندەی بە شێوەیەکی زانستیی دۆزیەوە. کاتێك ساڵی ١٩١٨ خەڵاتی نۆبڵی پێ درا ماوەیەك بوو وڵاتانی ئورووپا دژ بە یەك لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا و بەریتانیا و فەرەنسا دژ بە کۆلۆنیەکانی خۆی بەکاریان هێنابوو. ئینلیزەکان لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ و ١٩٢٠ دا گازی کوشندەیان دژ بە کوردستان بەکارهێناوە.

لە شەڕی دژ بە ڤێتنامدا ئەمەریکا لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢ و ١٩٧١ دا گەلێك جۆری گازی کوشندەی بە سەر ڤێتنامدا دەباراند. دژوارترینیان شێوەیەك لە گازی هێربیسایدەر herbicider بوو کە دەبووە هۆی هەڵوەراندنی گەڵا و چرۆی دەوەن و درەخت و لە ناوبردنی گیا. هەر شتێك پەردەی لەسەر شوێنی خۆمەڵاسدانی ڤێتنامیەکان هەڵبدایەتەوە ئەمەریکا بەکاری دەهێنا، ئەگەرچی ئەو گازە واش بووایە کە تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنێت. ئەمەریکا لەو شەڕەدا ٨٠ ملیۆن لیتر لەو گازەی بەسەر نە کەمتر لە ٢٠ هەزار کم دا بڵاوکردەوە. جۆرێکی کوشندە لەو گازە بە ناوی "سیخوری پرتەقاڵیی Agent Orange" بوو.

ڕەنگی ئەو گازە بە پێی جۆر دەگۆڕا، ڕەنگی شین، وەنەوشەیی، سپی و سەوز و پرتەقاڵیی. پرتەقاڵییەکە هێندە کاریگەر بوو کە گەڵای بە درەختەوە نەدەهێشت. لەبەرئەوە نازناوێکی تایبەتی درایە. ئێستایش، پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵ زیان بە ڤێتنامیەکان دەگەیەنێت.

وڵاتی لاوسیش لانی کەم ٦٠٠ کم ٢ بەو گازە ڕووتێنرایەوە. ئەگەرچی ئەمەریکا ساڵی ١٩٧٥ پرۆتۆکۆڵی جێنێڤی دژ بە بەکارهێنانی گازی کیمایی ئیمزا کردووە، بەڵام جەخت دەکات کە ئەو پرۆتۆکۆڵە ئەو گازە و هەندێك شێوەی دیکەی گازی کوشندە ناگرێتەوە.

ئەڵبەت تا هەڵەبجە و چەندین ناوچەی دیکەی باشووری کوردستان لە ڕۆژانی نێوان ١٥ بۆ ١٩ مانگی سێی ساڵی ١٩٨٨ دا بە گازی شیمیایی نەسووتێنران، ئەڵقەیەك لە نێوان قوربانیانی جەنگی جیهانیی یەکەم و هیرۆشیما و هەڵەبجەدا نەبینرا. زەحمی هەڵەبجە ناسۆرە، نە هەر تەنیا بۆ کورد، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەی دەیانزانی نەتەوەی بێ پارێز چەندە لە مەترسیی نەماندایە.

ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە هەمیشە سڵیان لە بەکارهێنانی چەکی نائاسایی نەکردووەتەوە. لە بزووتنەوەی ١٩٧٤ دا گەلێك منداڵ بە تەقینەوەی قەڵەم و پاندان و بووکەباغەی بۆمب گیانیان دەردەچوو، یاخود بە فسفۆری ناپاڵم و بە جۆری گاز. تورکیا لە سەرەتای ١٩٩٠ کانەوە تا ئێستا گازی کیمایی دژ بە گەریلاکانی پ.ک.ك. بەکارهێناوە.

دەوڵەتی ئێراق چەندین جار گازی کیمایی بەکار هێناوە و ئێران لانی کەم لە جەنگی دژ بە ئێراق دا. گازبارانکردنی سەردەشت دەکەوێتە ڕێککەوتی ١٩٨٧/٦/٢٨، واتە نێزیکەی ساڵێك بەر لە گازبارانکردنی هەڵەبجە.

ناکرێت ئێران دەر لە چوارچێوەی ئەو گازبارانکردنە ببینرێت. ئێران داگیرکارێکی دڵڕەق و هاوکات زرینگە. سیاسەتی لەناوبردنی کورد مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە میتۆدی جیاواز دەکرێت. هەر لە

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

# Parti socialdemokrati Kurdistan (PSDK)

جوداکردنەوەی کورد لە یەکتر بە ئایین و مەزهەب، لە ڕووی جوگرافی و ناوگۆڕینی ناوچەی کوردنشین، هەر لە دواخستنی کوردستان لە ڕووی ئابووریەوە تا کرێکاری کورد لەسەر خاکی خۆی پێگیر نەبێت و ڕەگ دانەکوتێت و بۆ ئەوەی پارە لە کوردستاندا کۆنەکرێتەوە، هەر لە قەدەخەکردنی زمان و فەرهەنگ و کولتوریی کورد تا بە هەزار هێشتنەوەی کوردستان و ئەوجا ترساندن و کوشتن و برینیەوە، ئێران درێخیی ناکات.

بەکارهێنانی گازی شیمیایی دەبێت لە چوارچێوەی سیاسەتی هێشتنەوەی کوردستاندا بە داگیرکراوی ببینرێت، نەك لە ڕووانگەی سۆزئامێزیی ڕووداوی تاکوتەرا و وابەستە بە سەرۆك ئەرتەشێکەوە.
بەکارهێنانی گاز مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە مەبەستی تایبەتیی دەکردرێت. لە هەر هەموو نموونەکاندا بەتایبەتی لەبەر ئەوە دەکردرێت کە ڕقی داگیرکار توند دەبێت و دەزانێت نەتەوەی بندەست خۆ نادات بە دەستەوە. بەکارهێنانی گاز وەك چەك سیاسەتی پلانبۆکراو و نەخشەی کار دەخوازێت.
قسەی تێدا نییە کە ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە چاوپۆشی لەیەك دەکەن و بۆ یەکتری دادەپۆشن.

ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) وێرای سەر دانەواندن بۆ شەهیدانی سەردەشت و هەموو پێشمەرگە و قوربانیانی دیکە، بە خاك و ئاژەڵ و ڕووەکەوە، و سەرەخۆشیی لە کەسوکاری ئەو قوربانیانە دەکەین و هاوکات هیوای ساخ بوونەوە و سارێژبوونەوەی زامی، زامدارانی شیمیابارانی سەردەشت بە ئاوات دەخوازین، هەروەها ڕادەگەیەنین کە هێرشی ئێرانی داگیرکار دژ بە کوردستان و گەلەکەی لە ئاییندەدا لایەنی جیاواز و بەرفراوانی دەبێت و وەڵامدانەوە بەو هێرشە یەکێتیەکی نەتەوەیی پێویست دەکات کە ئێمە بەخۆشیەوە بەشێك دەبین لە هێنانەدی و لە بەرجەستەکردنی.
سڵاو لە گیانبەختکردووانی ٧ ـی پوشپەری ١٣٦٦ ـ ـی هەتاوی شاری سەردەشت.

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

٢٠٠٨/٦/٢٣